# بەشێك لە وتووێژ لەگەڵ "نوام چۆمسکی" سەبارەت بە بارودۆخی نوێ لە ئەمریکا

## وەرگێران :تەلعەت تاهیر( خوشناو )

★ ئایا بە بیروڕای ئێوە سیاسەتێکی تایبەت لە نێو گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئەمریکا شاراوەیە یاخود ئەم گۆڕانکارییانە جۆرێك لە مانۆڕە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی نوامبەر؟

_ ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا رووبدات، شێوازی سیاسی هەردوو حزب هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

هەردوو حزب بەهۆی هەندێ کێشە و گرفتی گرینگ ,کۆمەڵێ خەڵکیان لەخۆ کۆکردۆتەوە کە لەرووی سیاسییەوە دروستە، بەڵام "بوش" جارێکیتر هاوکاریکردن و لایەنگیری لە گروپێکی بچووکی دەوڵەمەندان و خاوەن ئیمتیازەکانی گرتۆتەبەر، گروپێك کە لەرووی سیاسییەوە بە تەواوەتی راستن و تەنانەت دەتوانین بڵێین لە راستیش راسترن.

کۆنگرەی ژێردەسەڵاتی دیموکراتەکان بێ گومان پێشگیری لە هەندێك لە خراپترین جۆری هێرشەکان بۆ سەر هاووڵاتیان و مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیان لە یاسای بنەڕەتی ئەمریکا، دەکەن و هەوڵ دەدەن هەوڵەکانی بوش و گروپەکەی لاواز و لەناو ببەن، بەڵام دواتر گرنگترین بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانیان کەم دەکەنەوە، ئەو بەرنامانەی کە بەشێکی گەورەی خەڵك دەپارێزێت و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین دەکات.

★ بەڵام سیاسەتی دەرەوە چۆن دەبێت؟

_ من گومانم هەیە کە لە سیاسەتی دەرەوە جگە لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر و شێواز و جۆری دەرکەوتنیان گۆڕانکاری زێتر رووبدات.

لە خۆبایی بوونە بێ شەرمانەی توندرۆیەکانی بوش بۆتە هۆی گەیاندنی زەرەر و زیانی زۆر بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان.

لەوانەیە دووبارە بارودۆخ ئاسایی بێتەوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەدەستنیشانکردنی جۆری سیاسەت نابێت. کەواتە هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەت روونادات، دەبێ ئەوەش بزانین کە کەسایەتییە توندرۆیەکانی حکومەتی بوش لەکار لادراون.

فایس، ولفۆویتز و ئەوانی تر... و هەر لە پێش هەڵبژاردنەکانیش ئاشکرا بوو کە رامسفێلد لەکار لادەدرێت.

★ ئێوە لە کتێبەکەی خۆتان شێوازی کارپێکردن و بەکارهێنانی سیاسی ڕێ پێدراو و نایاساییشتان خستۆتە پاڵ حکومەتی کلنیتۆن، بە بیروڕای ئێوە دیموکراتەکان هەندێ گۆڕانکاری دێنە ئاراوە؟

_ گۆڕانکارییەکان هەر ئەوانە دەبن کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەرنامەی جەنگی دیفاعی بوش "کە بە هەڵە پرمتیۆ ناوزەد دەکرێ" بەرنامەیەکە, کە بەهۆیەوە هەندێ هێرشی سەربازی بە پێچەوانەی یاساکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت. ئەم بەرنامەیە کە لە سێپتامبری ساڵی (2002) و دوای راگەیاندنی شەڕی دژی عێراق هاتە ئاراوە ,بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە ئۆرگانەکان بە توندی رەخنە لەو بەرنامانە بگرن. یەکێك لەو ئۆرگانانە گۆڤاری "فوریگن ئافرز" بوو کە دوای چەند حەوتوویەك لەسەر راگەیاندنی بەرنامەکەی بوش بە شێوەیەکی توندورەق رەخنە ی لە "ستراتیژی گەورەی ئیمپراتۆری نوێ" بوش گرت، نووسەری ئەم بابەتە رەخنەییە "جان ئیکنبری" رەخنەگری سیاسی ناوداری ئەمریکی بوو. ناوبراو لەو رەخنەیەی خۆی ئاماژەی بەوەدابوو کە ئەم ستراتیژیەی بوش زیان دەگەیەنێتە ئەمریکا و دونیاش، رەخنەیەکی ناوێزەیتر لەلایەن "مادلین ئۆلبرایت" وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا بوو ناوبراو رایگەیاندبوو کە ئەم بەرنامەیەی بوش بە هیچ شێوەیەك نوێ نییە و بەڵکو هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکا بەرنامەیەکی هاوشێویان لەنێو گیفانیاندا هەبووە، بەڵام سەرۆکەکان ئەوەندە عەقڵ و هۆشیان هەبووە کە لەکاتی راگەیاندنی بەرنامەکانیان تەنانەت بۆ هاوپەیمانەکانیشیان، مست نەهاوێن ومستەکانیان پێشان نەدەین" ئۆلبرایت راستی دەگوت بەراستی بەرنامەکەی کینتۆن لە هی بوش توندرۆیانەتر بوو، بەرنامەیەك کە ئاماژەی بەوەدابوو کە پێویستە ئەمریکا لەرێگەی هێزی سەربازییەوە کۆنترۆڵی بازاڕ و کۆگاکانی دنیا بگرێتە دەست، بەڵام کەس رەخنەی لە بەرنامەکەی کلینتۆن نەگرت، چونکە

ئەم بەرنامەیە بێ ئەوەی کەس ئاگاداری بێت یاسا مەندکرا و بەکاریش هات. تەنانەت بە شێوازێکی درندانە و توندوتیژیش بەکارهێنرا .بوش جارێکیتر بە بەکارهێنانی توندوتیژی و بایەخ نەدان بە رێگە دیپلۆماتیەکان کەوتۆتە راسترین بەشی بچووکی ئەمریکا. هەر بۆیەش ئەو ئومێدە هەیە کە بارودۆخ دووبارە ئاسایی ببێتەوە.

* دەتوانن جارێکیتر هەڵوێستی خۆتان لەمەڕ دادگای نێو نەتەوەیی و هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە مافی مرۆڤ دەربڕن؟

_ بە بیروڕای من راکردنی ئەمریکا لەوەی کە مافە نێو نەتەوەییەکان و پێوەرە یاساییەکان قبوڵ بکات، جێگەی نارەزایی دەربڕینە، لە واقیعدا بەشێکی گەورەی ئەمریکا لەو بارەیەوە لەگەڵ من هاوڕان، تەنانەت بەشێکی بچووك لە ئەمریکا خوازیاری ئەوەن کە مافی وتۆی ئەمریکا لە ئاسایشی نێو نەتەوەییەوە هەڵبگیرێت و هەرچی زۆربەی ئەندامەکان گوتیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام زۆربەی خەڵك داوادەکەن لەجیاتی تەهدیدات و گرتنەبەری شەڕ و توندوتیژی پەنا بۆ رێگەی دیپلۆماسییەکان ببەن.

بۆ نموونە ئێستا (75٪) خەڵك خوازیاری ئەوەن لە جیاتی گوشار و تەهدیدی ئێران بە هێزی سەربازی و هێرش، پەیوەندی باشتریان هەبێت لەگەڵ ئێران.

لەراستیدا ئەم جۆرە تەهدیدانە بە پێچەوانەی بلاوکراوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئێستا نموونەیەکیتر دەهێنینەوە, بەپێی راپرسییەك (2/3٪) ئەمریکییەکان خوازیاری ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریکاو کوبان, بەڵام هەردوو حزب لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕان کە پێویستە خەڵکی کوبا بە سەختی بۆ سووکایەتی پێکردن سەرکەوتوویان بەسیاسەتی ئەمریکا, کە بۆ بەرنامەی مونرئۆ ساڵی (0182) دەگەڕێتەوە "بڕوانە پرۆتۆکۆ لە ناوخۆییەکانی دیموکرات لیبرالییەکان ساڵانی (1960) سزابدرێن.

بوش ئێستا گروپێکی کاری نوێی بەناوی "تاسك فۆرس" دروست کردووە کە پێویستە بە توندی دژ بە تەحریمکردن کار بکات.

ئەمە دروست پێچەوانەی ئەو شتەیە کە خەڵکی ئەمریکا و دنیا خوازیار نییە. نوێترین بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (1834) دژی سزادانی ئابووری لەمانگی نوامبردا بوو "دژی رای ئەمریکا و ئیسرائیل و دوورگەکانی مارشال" ئەو بابەتانە, نە بۆ دەوڵەتەکان و نە بۆ سە رکردەکان شتێکی سەیر نییە و هیچ کاتێ لەبارەیەوە راگەیاندنێ بلاوناکەنەوە.

سەیر لەوەدایە کە ئێستا بەشێکی گەورە لە دنیای بازرگانی خوازیاری کۆتایی پێهاتنی ئەو سزایانەن, بەڵام کەس بایەخ بەو خواستە نادات, هێنانە ئارای بارودۆخێکی نێو نەتەوەیی هاوشێوە رێك وەك ئیش وکاری "مافیا"یە, زڕباوك "کەسایەتییەکی مافیایە" کاتێ بەرژەوەندییەکانت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پێك بگات ,ئاوها بەسانایی وازت لێ ناهێنێت, تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە خاوەن زەوییەکیش هەبێت.

نافرمانی سەرکەوتووانە بەپێی لێکدادنەوەی عەقڵانی تیۆری دومنیۆ دەتوانێت بەخێرایی پەرەی پێ بدرێت، حەقیقەتێك هیچ کاتێ لە لایەن دارێژەران بەجیدی باسی لێوەنەکراوە.

* ئەمریکییەکان مافی ڤیتۆی خۆیان لەرێکخراوی ئاسایشی نێو نەتەوەیی بەکارهێنا، ئەم بابەتە سەبارەت بە مافی وڵاتان چ مانایەکی هەیە؟

- کاتێ کە لێکۆڵینەوە لە بابەتی "ڤیتۆ" بکەین بە مانای ژێر پێ خستنی نۆرمی نێونەتەوەییە, ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی (60) واتە کاتێ کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا دەرچوو گرنگترین کۆمەڵگای پیشەسازی هاتنە ئاراوەو هاوکات داگیرکاری و ئیستیعماریش کۆتایی پێ هات, ئەمریکا تاکە هێزی رەهای ڤیتۆی بڕیارنامەی رێکخراوی ئاسایشی نێو نەتەوەیی بوو, سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان. دووەمین هێز دوا ئەمریکا بەریتانیا بوو هیچ هێزێکی تر نەدەگەیشتەوە ئەمریکاو بەریتانیا. لە دەنگدانەکانی نێو رێکخراوی ئاسایشی نێو نەتەوەییش هەر بەو شێوەیە بوو, بۆ ئەوەی هەندێ لە نوێترین دەنگدانەکان لەبارەی گرنگترین بابەتەکانی جیهان باس بکەین دەڕوانییە نموونەکانی خوارەوە:

لە دەنگدانی ئەم دواییەی کۆمیسیۆنی چەکداماڵین و ئاسایشی نێو نەتەوەیی, نەتەوە یەکگرتووەکان "لە یەکەمین کۆمیسیۆن, تەنیا ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باکوور دژی یاسای قەدەغەکردنی وزەی ناوەکی دەنگیاندا (175-2-4)" دواتر دژی یەکگرتن بۆ لەناوبردنی سیستەمی وزەی ناوەکی لەگەڵ "کۆریای باکوور, ئەکوادۆر, گینەو هیندستان (175-2-4)", دژی دروستکردنی شوێنێکی ئازاد لە وزەی ناوەکی لەگەڵ "فەرانسەو ئۆکراین (168-3-7)", "ئەم ژمارانە ئەنجامی دەنگدانەکان نیشان دەدات, رازی, دژ, بێ لایەن".

سەبارەت بە ڕێکەوتنی لێکۆڵینەوە بۆ بلاّوبوونەوەی پێکهاتەی سەرەکی دروستکردنی وزەی ناوەکی "یۆرانیۆم – 233, یۆرانیۆم – 235, پلۆتۆنیۆم – 239", لەبارەی بابەتە گرنگەکانی تریش هەر بەو شێوەیە بوو.

* بیروڕاتان سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێکەوتنەکانی مافی مرۆڤ چییە؟

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بە کەمی گوێ دەداتە ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ, جگە لەو کۆمیسیۆنانەی کە خودی ئەمریکییەکان بەڕێوەی دەبن, ئێستا ئەمریکا بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕێکەوتننامەی دژە ئەشکەنجەدانی ژێر پێ خستووە, بەلاّم سەبارەت بەو ڕەخنە گرتنە پێویستە بڕوانینە بابەتێکی گرینگ کەئەویش ئەوەیە کە سنای ئەمریکا پێش قبوڵکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە پێناسەی ئەوەی ئەشکەنجە چییە و چێ نییە سەرلەنوێ دارشتۆتەوە. بەوشێوەیە کە ئازادییەکی ڕەهاتری بەخشیوەتە ئەو کەسانەی کە کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن, بەلاّم نەبەو ڕادەیەی کە لەحاڵەتی ئاسایی لەدەسەلاّتداریەتی بۆش ئەنجام دەدرێت. کاتێ کە "سرِبستان" بەهۆی پەیمانی کۆکوژی گەلان لە دادگای نێودەوڵەتی سکالاّیان دژی ناتۆ تۆمارکرد, ئەمریکییەکان خۆیان لەو بابەتە دورخستەوە و مەنتقی خۆدورخستنەوەیان ئەوەبوو کە ئەمریکا ئەم پەیمانەی قبوڵ کردووە و ئەم سکالاّیە پەیوەندی بەوانەوەنییە. "دوای (40)ساڵ " سەبارەت بە سکالاّی "نیکارا گوئای" دژی ئەمریکا بەهۆی جەنگی تیرۆرستی کە "ڕێگان" ئەنجامی دا, دادگا زۆربەی بابەتەکانی ئەو سکالاّیەی ڕەتکردەوە و تەنیا ئەمریکای بەوە تاوانبارکرد کە توندوتیژی نایاسایی بەکارهێناوە. ئەمریکا بە "ڤێتۆ"ی خۆی دژی دوو ڕێکەوتنامەی ئاسایشی نێونەتەوەیی وەستاوە کە دژی بڕیاری دادگابووە, دواتر ئەم بابەتە پەراوێز خراو لەکتێبە مێژووییەکانیش نەما.

جگە لەو بابەتانەی پشت پەروەردەوە, ڕەتکردنەوەی دادگای نێودەوڵەتی لەلایەن ئەمریکاوە شتێکی سەیروسەمەرە و چاوەڕواننەکراونییە, بەشێکی ئەم هەڵوێستیە دەگەڕێتەوە و بۆ ڕوانینی "فناتیکی" ئەمریکا.

بۆنموونە سەرۆك کۆمار بڕیار دەدات کە هێزی سەربازی پێویستە هێرش بکات و هەرئەمریکییەك کە لە "دن هاگ" زیندانییە ئازادبکرێت. واشنتۆن خوازیاری ئەوەبوو کە ولاّتەکان پەیامێك مۆربکەن کە تیایدا هاتبێت هیچ کاتێ هاولاّتییەکی ئەمریکی نەدەنەوە دەسەلاّتدارانی "دن هاگ". ئەوەش دروستە کە هەندێ جار ئەو شەرت و شروتانە زۆر بەجیدی وەرناگیرێت. واشنتۆن لەوە نیگەرانە کە نەخواستە کۆنترۆڵی ولاّتەکانی ئەمریکای لاتین و ئەو ولاّتانەی کە لەکۆنەوە لەژێر دەستیدان, لەدەست بدات, هەربۆیەش بەرنامەی پەروەردەکردنی ئەفسەرانی ئەمریکای لاتینی توندتر و بەهێزتر کرد و دواتر "بوش" لە مانگی ئۆکتۆبەر زۆربەهێمنی و بێدەنگ و بەنهێنی بە (21) ولاّتی "واتە نیوەی ولاّتەکانی ئەمریکای باشوور" ڕاگەیاند کە خۆی ئیجازەی ئەو پەروەردەکردن و ڕاهێنانەی دەرکردووە. لەڕاستیدا ئەم کارەی ئەمریکا هیچ مانایەکی تری نییە جگە لەوەی بەوکارەیەوە دەیەوێت نیشان بدات کە چ کەسێك ئاغاو سەروەریانە.

* ئێوە بەڕاستی لەوباوەڕەدان کە گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەمریکا لەبارەی "ئیسرائیل" و سیاسەتەکەی بەمانای ژێرپێ خستنی مافی گەلانە ,هەروەك چۆن لە کتێبەکانتان باستان لێوەکردووە, ئەگەر نا بۆ؟

- ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری ڕوبدابێت، بەلاّم نەبە هۆی زۆرینە, بەزۆری دیموکراتەکان زێتر لە کۆمارییەکان پشتیوانی لەسیاسەتەکانی "ئیسرائیل" دەکەن و دیفاع لەوتاوانانەی "ئیسرائیل" دەکەن.

*ئێمەی بیرورای گشتی بەڕای ئێوە پێویستە چی بکەین؟

- ئەمە پەیوەستە بە ئارمانجەکانمان. ئەگەر ئێمەدەمانەوێت جەنگی ئەتۆمی و تیرۆر, توندوتیژی و گوشارو برسییەتی و فەقیری و.... ڕووبدات و زیاتربێت, نابێ هیچ شتێ بکەین و دەبێ بەدوای کۆکردنەوەی ئیمتیازات بین بۆخۆمان, بەلاّم ئەگەر ئێمە ئارمانجی ترمان هەیە, باش دەزانین کە پێویستە چی بکەین و لێرەوە کە ئێمە هیچ کاتێ لەئاسایشی یاسایی و ئازادییەکان و ئیمتیازات سوودمان وەرنەگرتووە, خاوەنی هەموو ئیمکانات و پیداویستییەکین بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك.

* ئایا شانسێکی حەقیقی هەیە کە ئەم کێشانەی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و کوشتاری جەنگ و ...لەناوببرێت و بەسەربانداا زاڵ بین.؟

- بەتەئکید هەیە, کێشەی ئێمە کێشەی ویستنە نەك کێشەی مەجال و کات.

وتووێژ: پێتر کریپگەنس

سەرچاوە **akkbar- rooz.com**